




# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

توێژینەوەی: فواد خاکی‌بەیگی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe



# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

# و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

توێژینەوەی: فواد خاکیبەیگی

------------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## ناوەڕۆک:

**پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا**
(پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان ٥ - ١)

**پێشەکی**

– ڕەگەز و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە
– گرینگیی توێژینەوەکە
– یەکەم گرینگیی تیئۆری
– دووهەم لەڕووی پراکتیکییەوە
- ئامانجەکانی توێژینەوەکە
– پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە
– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)
– بەشداریی خەڵک:(people's participation)
– بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان(Social Movement)

❊ پێشینەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

– تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
– پێشینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
– جیاوازی لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و نوێیەکان

❊ ڕوانگەی بیرمەندان

– تیئۆریی؛ نیل سملسەر (Neil Joseph Smelser)

– تیوریی؛ ئالێن تۆرن(Alain Touraine)

– تیوریی؛ مانۆیل کاستلیس(Manuel Castells)

❊ بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

– کاریگەریی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
– بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
– ڕێبەری ئاسۆیی

❊ کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان:

– پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان
– بەربڵاوبوونی چالاکی و سلاکتیڤیزم(Slacktivism)
– چاوەدێری دەوڵەتەکان





سەرچاوە
Serchawe

# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا



(پێناسەی چەمکە سەرەکییەکان ٥ - ١)

توێژینەوەی: **فواد خاکیبەیگی**

## پێشەکی

لە سەردەمی هاوچەرخدا، یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و تۆڕی پەیوەندییەکانە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە ئامرازە گرینگەکانی پەیوەندیکردن بە تاکەکانە لە هەر کۆمەڵگە و وڵاتێکدا.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن شارەزایان و پسپۆرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گرینگ دادەنرێن بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە دەیەی ڕابردوودا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە لە چۆنیەتیی

ڕێکخستنی خەڵک و بەشداریکردن لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها شۆڕشەکاندا. ئەمە لە شۆڕشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە بەهاری عەرەبیدا بەدی کرا. لە ئەنجامدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاریی زۆریان بۆ خەڵک کردوە بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی چالاکیی جۆراوجۆر، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو کە ئایا دەبێت وەک بزوێنەر یان ئامرازێکی ئاسانکاریی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێن؟

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی متمانەی بەکارهێنەران بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشداری خەڵک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا لەلایەن توێژەرەوە پێداچوونەوەیەکی تیئۆری بە توێژینەوەکانی پێشوو و ئەدەبیاتی توێژینەوەکە کراوە، پاشان بە وەرگرتنی داتا لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانی شیکردنەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کراوە و ئەنجامەکانی خراونەتە ڕوو.

## ڕەگەز و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

ئەمڕۆ یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتنە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان بتوانن بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین تێچوو لەگەڵ تاکەکانی دیکە لە هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک بن پەیوەندی دروست بکەن و تاکەکان لە هەر کوێ بن تەنها بە هۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا ئاگاداری ڕووداوەکان بن و تەنانەت کاریگەریی بەرچاویان هەبێت.

لە جیهانی ئەمڕۆدا بە بۆچوونی توێژەران و شارەزایان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامرازێکی یارمەتیدەر دادەنرێن لە بەشداریی خەڵک لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، یەک لەوان بەشداری لە چالاکییە مەدەنییەکان و ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر وەک لە ساڵانی ڕابردوودا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبوو لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان، بە تایبەتی شۆڕشەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەرچاوترینیان شۆڕشی بەهاری عەرەبی بوو.

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ورد (سێنفی، ژنان و خوێندکاران) و کەلان (بزووتنەوەی ناسراو بە ژن، ژیان، ئازادی) لە پەرەسەندندان، هاوکات بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە دوو دەیەی ڕابردوودا



سەرچاوە
Serchawe

گەشەیسەندوە و وا دەردەکەویَ کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە کە بریتین لە: ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا لە چ ئاستێکدایە؟ تا چ ڕادەیەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئامادەن بەشداری بکەن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا؟ چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەیی خەڵک بۆ بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؟ و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو (ڕەگەز، تەمەن، و بڕوانامە) چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبێت؟

## گرینگیی توێژینەوەکە

**ئەم توێژینەوەیە وەکو هەموو توێژینەوەیەکی دیکە لە دوو لایەنی تیۆری و مەیداني گرینگیی تایبەت بەخۆی هەیە کە بە شێوەی خوارەوەیە:**

### یەکەم گرینگیی تیۆری

لەڕووی تیئۆرییەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی زیادبوون و کەڵەکەبوونی زانیاری لە بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتگەلێکی گرینگ و هەنووکەیی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە.

### دووهەم لەڕووی پراکتیکییەوە

**لەڕووی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە بەسوودە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:**

١- ئۆپۆزیسیونی دیمۆکرات کە خوازیاری بەشداری خەڵکن لە بزووتنەوەکاندا.

٢- ناوەندەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە خوازیاری تێگەیشتنن لە دۆخی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن لە کوردستان و ئێران و ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەم بوارەدا.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و بەشداریی خەڵک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانین لە چەند ئامانجێکی بچوکتردا وردی بکەینەوە:**

١- پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای بەشدارانی نموونەکە.

٢- پێوانەکردنی ئاستی ئامادەیی بەشدارانی نموونەکە بۆ بەشداریکردن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- دەرخستنی ئاستی پەیوەندیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤- دەستنیشان کردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، تەمەن و بڕوانامە) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

## پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media)

لە فەرهەنگی میریام - وێبستەر (Merriam-Webster) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەم شێوەیە پێناسە کراون کە بریتییە لە: جۆرەکانی پەیوەندیکردن وەک (ماڵپەڕ، تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان و وێبلاگ) لەم ڕێگایەوە بەکارهێنەران کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاین دروست دەکەن بەمەبەستی هاوبەشی کردنی زانیاری، بیرۆکە، پەیامی کەسی یا وێنە و ڤیدیۆ.

ڕۆن جۆنیز (Ron Jones) نووسەر و مێدیاکاری ئەمریکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەم شێوە پێناسەی کردوە؛ "کۆمەڵێک لە مێدیای ئۆنلاین کە تاکەکان بەشدارن، پێکەوە قسە و گفتوگۆ دەکەن، زانیارییەکانیان هاوبەشی پێ دەکەن و بە هۆیەوە تۆڕی پەیوەندی نێوانیان دروست دەکەن. زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاندەرن بۆ گفتوگۆ، دەربڕینی بیروڕا لە سەر یەکتر و کەسانی دیکە و هاوبەشی کردنی زانیارییە دڵخوازەکانیان". وەک جۆنیز ئاماژەی پێ دەکات "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گفتوگۆیەکی دوو لایەنەیە، ڕێگە بە خەڵک دەدات بە دروست کردنی پەیوەندی یا پەیوەست بوون بە ماڵپەڕ و سەرچاوەکانی زانیاری."

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە تورە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە کۆی ئەو ئامرازە ئەلکترۆنیانەی کە تاکەکان بەکاری دێنن بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندیی سەرهێڵ.

### بەشداریی خەڵک:(people's participation)

بەشداری هاوواتای وشەی ئینگلیسی(Participation) ـە لە دەیەی ٧٠ ی سەدەی بیستەم وەکوو چەمکێکی سەرەکی لە

توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر گرینگی پێدرا و توێژینەوەی لەبارەوە کرا. بانکی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٦ لە دووتوێی کتێبێک سەبارەت بە سەرچاوەکانی بەشداری بڵاوی کردۆتەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە بەشداری چەمکێکی فراوانە و بەم شێوەیە پێناسەی کردووە:" پرۆسەیەکە تاکەکان یا لایەنە پەیوەندیدارەکان کاریگەرییان لە سەر دەستپێشخەرییەکانی پەرەسەندن، بڕیارەکان و سەرچاوەکان هەیە و بە هاوبەشی هەوڵی کونترۆڵی ئەو بارودۆخە دەدەن و لێی سودمەند دەبن.

بەشداری کردەیەکی بە کۆمەڵ، هۆشیارانە و خوازیارانەیە کە هەڵگری چالاکی هاووڵاتییانە لە بابەتە گشتییەکان و ئاستە جیاوازەکانی بڕیاردان لە پرۆسەکانی کارگێڕی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەو ناوەندانەی کە ژیانی تاکەکان پێوەی پەیوەستە. هەروەها چەمکی بەشداری بریتییە لە پێوە خەریک بوونی خەڵک لە ڕێکخراوە ئایینیەکان، ئەنجومەنەکان و ئەو بزووتنەوانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک هەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دابەشبوونی هێز و دەسەڵات نییە. هەروەها ئەو بزووتنەوانەی کە کاریگەری لە سەر ژیانی تایبەتیی هاووڵاتیان هەیە.

ئەکادیمیست "منوچهر محسنی" پێناسەی کردووە بەوەی؛ بەشداری خەڵک بە واتای بەکارهێنانی سەرچاوە کەسییەکانە بە مەبەستی بەشداربوون لە کردەیەکی بەکۆمەڵ.

### بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان(Social Movement)

لە ڕوانگەی "ئانتۆنی گیدێنز" بزووتنەوە کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی ئامانجێکی هاوبەش یا گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش بە ڕێگای چالاکی لە دەرەوەی ناوەندە فەرمییەکان.

ئینسکلۆپیدیای ئاکسفۆرد بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەوت یا کۆمەڵێک کردە و هەوڵ دەزانێت لە لایەن کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو کە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک بەردەوام بەرەو ئامانجێکی تایبەت هەنگاو دەنێن یا ئینتمایان بۆی هەیە. "دیلیا و دیانی" بەم شێوەیە پێناسەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە کە: " بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئەکتەرێکی گرینگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لەبەر ئەوەی هەم دەستپێشخەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن و هەم بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبن. هەروەها لە لای (تیلی) بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شەڕێکی درێژخایەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە نێوان نەیاران و خاوەن دەسەڵاتەکان پێک دێنن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵێکی کەم یان زۆر، بەردەوام و ڕێکخراو لە لایەن ژمارەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

تا ڕادەیەک زۆری خەڵک، بە مەبەستی بەدیهێنانی گۆڕانکاری یا بەرگری کردن لە ڕوودانی گۆڕانکارییە.

لەم ڕوانگەی تـوێژەرەوە لەم تـوێژینەوەیەدا، بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان بـریتییە لە هەوڵێکـی بە کـۆمەڵ بە مەبەسـتی گەیشتن بە ئامانجێکی گشتی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان.

٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا




**(پێشینەی تۆڕە کۆمەڵایەتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)**

بۆ ئەوەی لە دیاردەیەک و کاریگەریی ئەو دیاردەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ تێبگەین پێویستمان بە زانینی پێشینەی ئەو دیاردەیە هەیە. گەشەسەندنی مێدیا بۆ سەر دوو سەردەمی جیاواز دابەش دەبێت. سەردەمی پەخشکردن و سەردەمی کارلێککردن. لە سەردەمی پەخشکردن مێدیا لە ناوەند و یەک لایەنە بوو وەک (ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم) کە پەیامەکانیان بەسەر زۆر کەسدا دابەش دەکردن کە پەیوەندی نێوان تاکەکان بە گشتی لە ئاستێکی بەرتەسکدا بوو.

بەڵام ئەمڕۆکە بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکێک لە دیارترین و باوترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێن، کە خۆی لە نەوەی دووهەمی وێب یا سەردەمی کارلێککردن دەبینێتەوە، و تێیدا کارلێکی دوولایەنەی نێوان هەردوو لایەن ڕوو دەدات. (وێب ٢.٠) چەمکێکە لە ساڵی (٢٠٠٤) بەوڵاوە هاتە ئاراوە و ئاماژەیە بۆ نەوەی دووهەمی وێبی جیهانی. نەوەی نوێی وێب تایبەتمەندی و کارایی نوێی لە خۆ دەگرێت کە لە ڕابردوو بەردەست



سەرچاوە
Serchawe

نەبوون، و زنجیرەیەک پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە خۆ دەگرێت، کە جەخت لە سەر توانای هاوکاری و هاوبەشی کردنی زانیارییەکان بە شێوەی ئۆنلاین دەکات بۆ بەکارهێنەران. بنەمای (وێب ٢) لە سەر بەشداری کردن، هاوکاری کردن و کارلێکی نێوان تاکەکان بە هۆی نەرمەکالاکان و ئامرازەکانی پەیوەندی کردن دانراوە و بەردەوامە.

**تایبەتمەندیی وێب دوو، پەیوەندی کراوە لەخۆ دەگرێت بە جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵگەی بەکارهێنەرانی وێب و هاوبەشی کردنی زانیاریی کراوەتر. لە جۆرەکانی وێب دوو دەتوانین ئاماژە بە هێندێک نموونە بکەین وەک:**

ماڵپەڕ و وێبلاگەکان؛ کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات داهێنانەکان یا بیرکردنەوەکانی خۆیان سەبارەت بە ژیانی خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە.

ویکیپیدیا و ماڵپەڕەکانی هاوشێوەی ویکیپیدیا؛ کە بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهان دەتوانن بابەتی ئۆنلاین زیاد بکەن یان نوێی بکەنەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ پەڕەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و... ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن کە پرۆفایلی خۆیان بەپێی خواستی خۆیان دروست بکەن و پەیوەندی لە نێوان هاوڕێکانیان و بەکارهێنەرانی دیکە گرێ بدەن.

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٤) لە لایەن ( جی. ئەی. بارنز) خرایە ڕوو، و لە چەند دەیەی ڕابردوو لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵناسیی مۆدێرن، ئەنترۆپۆلۆژی، جوگرافیا، دەروونزانیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی بواری دامەزراوەیی و زانستی کۆمپیوتەر گرینگی پێدراوە و پەرەی سەندوە. لە ساڵی (١٩٦٧) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە یەکێک لە بوارە گرینگەکانی توێژینەوەکان کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندنی بوارە زانستییە جیاوازەکان. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زاراوەیەکە کە زۆر جار بە کار دێت بۆ ئاماژە کردن بە فۆرمە نوێیەکانی مێدیا کە بەشداریکردنی کارلێککاری لەخۆ دەگرێت، و ڕۆڵێکی گرینگ لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لە سەرانسەری جیهان دەگێڕن. بە جۆرێک بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی زۆرینەی خەڵک. ئەمە لە کاتێکدایە کە بنەمای سەرهەڵدان و دامەزراندنی ئەم تۆڕانە؛ ئاسانکاری و کورتکردنەوەی مەودای پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە. ئەمەش بۆتە هۆی پەیوەندی نێوان خەڵک لە گەڵ کەلتوور و زمانە جیاوازەکان لە گەڵ یەکتر هەر ئەمەش وایکردووە کە سەدەی (٢١) بە سەردەمی پەیوەندییەکان ناوزەد بکرێت.

## تایبەتمەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لە ئێستادا چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتیی هەمەجۆر هەن کە هەر کامەیان ژمارەیەکی زۆر بەکارهێنەریان هەیە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە،

**هەر ئەمەش وایکردوە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەرانیان بەرز ببێتەوە کە بە گشتی دەتوانین بەشێک لە تایبەتمەندییەکان لە چەند خالێکدا بخەینە ڕوو:**

١- خاوەندارەتی: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیزنی دانان و دروستکردنی پەڕەی کەسی و دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی لە گەڵ هاوڕێیان و تاکەکانی دیکە دەدەن.

٢- هاوبەشیکردن: دەرفەت بە بەکارهێنەران دەدات لە بڵاو کردنەوەی وێنە، نووسین و ڤیدیۆ و بەرهەمەکانیان و لە گەڵ یەکتر هاوبەشییان پێ بکەن.

٣- گفتوگۆکردن: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشت بە گفتوگۆ کردنی دوو لایەنە دەبەستن، ئەمەش پێچەوانەی مێدیای سەردەمی پەخشە، کە تەنها کار لە بواری بڵاو کردنەوە و پەخش کردنی زانیارییەکانی بە یەک ئاراستەدا دەکرد.

٤- کۆکردنەوە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت بە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان دەدەن لە گەڵ یەکتر کۆ ببنەوە و گفتوگۆ لە بارەی خاڵە هاوبەشەکانیان بکەن.

٥- کارلێکەر: بە هۆی ئەوەی نێرەر و وەرگر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بنووسن و وڵامی یەکتر بدەنەوە، بۆیە بە ئاسانی کار لێک دەکەن و کاریگەری لە سەر یەکتر دروست دەکەن.

٦- جیهانی بوون: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چڕ نەکراونەتەوە لە ناوچەیەک یا وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکووو تۆڕێکی جیهانین و لە سەرانسەری وڵاتانی جیهان بەکارهێنەریان هەیە.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی (١٩٩٠) بەولاوە، بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی، زیاتر لە جاران



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، دامەزراوە ناحکوومییەکان و گروپە کۆمەڵایەتی_ سیاسییەکان بە بەشدارییان لە فەزای مەجازی بە ڕێگای بەکارهێنانی سەتەلایت، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاووڵاتیانی ناڕازی لە کار و سیاسەتی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی کۆ کردۆتەوە و بەم شێوەیە بەرنگاربوونەوە و دژایەتی جیددی بۆ حکوومەتەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دروست کردووە. هەروەها وەکو ئەکتەرێکی گرینگیی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، توانیویانە ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بەجیهانی بکەن و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرینگ و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی گشتی بۆ دێموکراسی و بەشداری تاکەکان لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا. بۆیە لەم بەشەدا بۆ زانینی ئەو کاریگەرییە پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی تیئۆرییە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

## پێشینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

پێشینەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە درێژای مێژووی کۆمەڵگەکان بوونی هەبووە. بە درێژایی مێژوو، شۆڕشەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە لایەن کۆیلەکان، کەمینە نەتەوەییەکان، لایەنگرانی ئایینەکان، جوتیاران و گروپە جیاوازەکان سەری هەڵداوە بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەم بەولاوە چەمکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەکار هات و گرینگی پێدرا. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تا دەیەی (١٩٦٠) لە چوارچێوەی بزووتنەوە کلاسیکییەکان بەکار دەهات. بەڵام لەو کاتە بە دواوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو یەکێک لە جۆرەکانی کۆ ڕەفتار و ناڕەزایەتی دەربڕین (تۆڕێکی فراوان لە تاکەکان، گردبوونەوەکان و گرووپە فەرمی و نافەرمییەکان) وەکوو دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگەی مۆدێرن سەیر دەکرا. مەبەست لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان ئەو بزووتنەوانەن کە لە دەیەی (١٩٦٠) بەولاوە زیاتر لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور سەریان هەڵدا، کە زۆر فراوان، بەربڵاو و جۆراوجۆر بوون و تویژێکی فراوانی لە هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ گرتبوو.

## جیاوازی لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و نوێیەکان

ئەگەرچی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کلاسیک و نوێیەکان بەپێی قۆناغ و سەردەمی خۆیان کاریگەریی بەرچاویان هەبووە، بەڵام هەر کامەیان تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و جیاواز بوون لە یەکتر،

**کە گرینگترین جیاوازیی بزووتنەوە نوێیەکان لە کلاسیکەکان بریتین لە:**

١- بزووتنەوە کلاسیکییەکان پەیوەست بوون بە چین یان گرووپێکی تایبەت، بەڵام بزووتنەوە نوێیەکان؛ گشتی بوون و



سەرچاوە
Serchawe

پەیوەست نەبوون بە تـوێژێکی تـایبەت و یەکگرتـووی چەنـدین چین، تـوێژ و شوناس لەخۆ دەگرێت، وەکو بزووتنەوەکـانی ژنان، ژینگە، مافی مرۆڤ.

٢- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بە پێچەوانەی بزووتنەوە کلاسیکەکان زیاتر ڕەهێندێکی جیهانییان هەیە تا نـاوچەیی و نەتەوەیی و داواکاری و خواستە گشتییەکانی ئەوان زیاتر بۆ کۆی مرۆڤایەتییە وەکو تیرۆریزم و پیسبوونی ژینگە.

٣- بـزووتنەوە نوێیەکـان، گرێـدراون بە مێـدیا بە تـایبەتی تەکنۆلۆژیـای نـوێی پەیوەنـدییەکان و بەو ڕێگـایەوە هەوڵـی کـۆکردنەوە، ڕێکخسـتن و بەشـداریکردنی نارازییـان لە ئاسـتی جیهـانی دەدرێـت؛ لە کاتێکـدا بـزووتنەوە کلاسـیکەکان وابەستەبوون بە مێدیای گشتیی کلاسیک و پەیوەندیی ڕووبەڕوو.

٤- بە گشتی بزووتنەوە کلاسیکەکان سیمای توندوتیژییان پێوە دیـار بـوو، لە کاتێکدا بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکـان زیـاتر ئاشتیخوازانە و کەمتر توندوتیژییان پێوە دیارە.

٥- بزووتنەوە نوێیەکان بە گشـتی بە شێوەی (تـۆڕی) بەمەبەسـتی دروسـتکردنی پەیوەنـدی و یەکگرتنـی نێـوان ئەکتەرەکـانی گرووپەکـان و نـاوەنـدە نافەرمییەکـان و بزووتنەوەکـانی دیکە لە ئاسـتی جیهـانی هەڵسـوکەوت دەکەن و کەمتـر پرۆسـەی بیرۆکراسی و پلەداری پێوە دیارە و زۆرتر بونیادێکی کراوە و خۆگونجێنیان هەیە. لە کاتێکدا بزووتنەوە کلاسیکەکان زیـاتر تایبەتمەندیی پەیوەندیی تۆڕی نێو گروپی و نێو بزووتنەوەیی هەیە تا نێوان بزووتنەوەکان و نێوان گروپەکان.

کرۆک و بنچینە سەرەتـاییەکانی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان بە واتـا ئەمڕۆییەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ پێکهێنـانی (کـۆمەڵەی خوێندکارانی لایەنگری کۆمەڵگەی دیموکراتیک) لە سـاڵی (١٩٦٠) و هەر زوو بە شـێوەی بـزووتنەوە ڕادیکاڵەکـان لە تـوێژی چەپی نـوێ و بە بەشداری خوێنـدکاران لە چوارچێوەی بزووتنەوەکـانی مـافی مەدەنـی پەرەی سـەند. یەکەمین و گرینگتـرین داواکـاریی ئەوان دیموکراسی، بەشـداری و ئـازادیی ڕادەربـڕین لە زانکـۆکـان بـوو. بـزووتنەوە خوێنـدکارییەکان لە ئورووپـا و ئەمریکـا لە سـاڵی (١٩٦٨) زیـاتر پەرەی سـەند و تەنـانەت نێـوەرۆکێکی جیهانییـان وەرگـرت، کە لە گرینگتـرین ئەو بزووتنەوانە، شۆڕشی مـانگی مەی سـاڵی (١٩٦٨) بـوو. بەڵام قۆنـاغی جیـددی و گرینـگ لە ڕەوتـی پەرەسـەندنی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان لە دەیەی (١٩٧٠) و سـەرەتـای دەیەی (١٩٨٠) بەولاوە، لە چوارچێـوەی بابەتەکـانی وەک؛ مـافی مـرۆڤ، ژینگە و تیرۆریزم دەستی پێکرد و لە دەیەی (١٩٩٠) لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیـای نـوێی پەیوەنـدی کـردن، بە خێرایی گەشەی سەند.



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چەندین بابەتدا جێگای سەرنجی کۆمەڵناسان بوون؛ لە لایەک بە هۆی ئەوەی کە زۆر جار دەبنە هۆی گۆڕان لە بەهاکان و کۆمەڵێک گۆڕانکاری دروست دەکەن، و هەندێ جاریش دەبنە هۆی گۆڕان لە دابەشکردنی هێز لە کۆمەڵگەدا. هەر بۆیە ئەو گۆڕانکارییانەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە دروستی دەکەن زۆر بنچینەییە و کاریگەریی بەرچاو لە پێکهاتەی فەرهەنگی و بونیادی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. هەر بۆیە ئەمەش سەرنجی توێژەران و بیرمەندانی ئەو بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و خوازیاری زانینی ئەوە بوون کە بۆ چی ئەو جۆرە بزووتنەوانە دروست دەبن و چ کاریگەرییەکیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، هەر بۆیە بە مەبەستی زانینی ئەو وڵامانە چەندین تیئۆری و ڕوانگەی تیئۆرییان خستۆتەڕوو.


چەندین تیئۆری سەبارەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خراونەتە ڕوو بە هۆی زۆری ئەو ڕوانگە تیئۆرییانە و تیئۆریڤانەکان، لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدرێت ڕوانگەی تیئۆری سێ تیئۆریڤان بخرێتە ڕوو ، بە تایبەتی تیئۆری ( مانۆئل کاستلیس) کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە.

١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕوانگەی بیرمەندان لەسەر پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



**پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (ڕوانگەی بیرمەندان)**

### تیۆریی نیل سملسەر(Neil Joseph Smelser)

یەکێک لە ئاراستە گرینگەکانی شیکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاراستەی تیئۆریی کۆڕەفتارە و "نیل سملسەر" بە یەکێک لە دیارترین ئەو بیرمەندانە دادەنرێت کە گرینگیی بەو بابەتە داوە. نیل سملسەر، کۆمەڵناسی دیاری ئەمریکایی لە توێژینەوەیەکی مەیدانی لە ماوەی شەش ساڵدا توانیویەتی بگاتە ئەنجامی گرینگ دەربارەی کۆڕەفتار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو لە شیکردنەوەی بۆ کۆڕەفتار بە گشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی "مۆدێلی بەهای زیادە(Value-Added Model)"ی بەکار هێنا.

تیئۆریی بەهای زیادکراو چوارچێوەیەکی شیکاریی ئاڵۆزە کە هەوڵ دەدات ئەو هێزانە ئاشکرا بکات کە کردارە بەکۆمەڵەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەجووڵێنن. تیئۆرییەکە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانە (کە بە دیاریکەری کردەی بەکۆمەڵ ناو دەبرێن) لەنێو کۆمەڵگەکاندا دەستنیشان دەکات کە یارمەتیدەرە لە ڕوودان و دەرئەنجامی ئەو جۆرە کردارانە. ئەو جۆرە

ڕەفتارانە بە شێوەیەکی وردتر و فراوانتر پێناسە کراون و ڕەفتارە بە کۆمەڵەکانی وەک؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، میلیشیاکان، کوتلە ئایینییەکان، شۆڕشگێڕان و هاوشێوەکانی لە خۆ دەگرێت. بنەمای سەرەکی تیئۆریی بەهای زیادکراو ئەوەیە کە دەبێت هۆکارێکی دیاریکراو بوونی هەبێت تا کردەیەکی بەکۆمەڵ ڕووبدات و لە ڕێگەی پرۆسەی بەهای زیادکراو، هەر دیاردەیەک ئەگەری ڕوودانی کردارێکی بە کۆمەڵ و کاریگەربوونی زیاد دەکات. هۆکاری ناولێنانی ئەم تیئۆرییە -بەهای زیادە- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چۆن هەوڵێکی بەکۆمەڵ بە شێوەی دووبارە بەهادار دەبێت لە هەر قۆناغێکی گەشەسەندن تا دەرکەوتنی وەکوو کردەیەکی بەکۆمەڵ.

سملسەر هەروەها شەش مەرجی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کردوە، ئەو شەش مەرجە قۆناغی یەک لە دوای یەکی دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین و تەواوبوونی هەر قۆناغێک مەرجی دەستپێکی قۆناغێکی دیکەیە، کە بریتین لە:

- بارودۆخی بونیادی: بارودۆخی گشتی کە هاندەر یا ڕێگرە لە دروستبوونی جۆرە جیاوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

- گوشاری بونیادی: ئاڵۆزی، نیگەرانی سەبارەت بە داهاتوو، ناڕوونی، یان پێکدادانی ڕاستەوخۆی ئامانجەکان کە دەبێتە هۆی بەرژەوەندیی دژ بە یەک لەنێو کۆمەڵگە.

- پەرەسەندنی باوەڕە گشتێنراوەکان: بزووتنەوەکان لەژێر کاریگەریی هێندێک ئایدۆلۆژی تایبەت کە هۆکارن بۆ دەرکەوتنی ناڕەزایەتی و ڕێکاری کردەیی بۆ نەهێشتنیان پێشان دەدات، دروست دەبن.

- هۆکارە خێراکەرەکان: ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسانەی لەنێو بزووتنەوەکە دان ڕاستەوخۆ هەنگاوی کردەیی بنێن.

- گروپەکانی ڕێکخستن: کەرەستەکانی پەیوەندیکردن، ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەکان.

- ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی: کە وڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانە لە بەرانبەر بزووتنەوەکە، هەروەها چۆنیەتیی ڕێبەریکردن لە لایەن نوخبەکانی کۆمەڵگە یا ڕێکخەرانی بزووتنەوەکە دیاری دەکات ئاخۆ ئەو بزووتنەوەی دەستی پێ کردووە بەردەوام دەبێت و سەرکەوتوو دەبێت یان نا؟



سەرچاوە Serchawe

تیئۆرییەکەی سملسەر رەخنەی زۆری لێگیرا، بە تایبەتی ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنە بۆوە کە ئەم تیئۆرییە بۆ شرۆڤەکردنی ڕەفتارە کۆمەڵییەکان گونجاوە نەک بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام هێشتا تیئۆرییەکەی هەمەلایەنی و لایەنگری زۆری هەیە و دەکرێت لە سەر بنەمای ئەم تیئۆرییە شیکردنەوە بۆ زۆر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە (بارودۆخی بونیادی و گوشاری بونیادی) کە بە هۆکاری دروستبوونی بزووتنەوەکان دادەنرێن ناڕوونیی پێوە دیارە و بە وردی شرۆڤەی نەکردووە.

## تیوریی "ئالێن تۆرن"

ئالێن تۆرن (Alain Touraine 1925) کۆمەڵناسی فەرانسی بە یەکێک لە تیئۆریسیەنەکانی نیو مارکسیەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت. بەلای تۆرن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان ئامانجیان رزگارکردنی ئەو خودەیە کە چەمکی "بکەری کۆمەڵایەتی" نوێنەرایەتی دەکات، واتە ئەو چەمکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە ڕەهەندێکی ڕەسەن لە تاکدا. تۆرن جەخت دەکاتە سەر ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زادەی ویست و ئاگایی تاکەکانن، ئەوەش بە ڕێگای دروستکردنی سەندیکای سیاسی، لەپێناو داکۆکیکردن لە داخوازییەکانیان. هەروەها دەڵێ؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکان لە ڕێگەی کاری سیاسی و پێکدادانەوە دروست نابن بەڵکوو لەژێر کاریگەریی ڕای گشتی دروست دەبن.

تۆرن پێیوایە لە جیهانی مۆدێرن بەبێ گفتوگۆی دیموکراتیک لە ئاستی گشتی و فراواندا، ناکرێ کولتووری دیموکراتیک و ڕەخنەگرانە و نارەزایەتیدەربڕین دروست ببێت، و پێداگریش دەکات لەسەر ئەوەی کە دەکرێت لە ڕێگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرگری لە ناسنامە و سەربەخۆبوونی خود و ئازادیمان بکەین. ئەو پێیوایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەی ڕێزپەر نین، بەڵکوو بە بەردەوامی لە ناخی کۆمەڵگە هەن.

**به بڕوای ئەو چوار بنەما یارمەتیدەرە لە ناسینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بریتین لە:**

١- هەبوونی شوناس: بەو مانایەی کە لایەنگرەکانی کێن و چۆن خۆیان پێناسە دەکەن.

٢- هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە بابەتێک یا دژایەتیکردنی: واتە ئەو بزووتنەوانە لە بەرانبەر چ کەسانێکن، بە واتایەکی دیکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک بیچم دەگرن کە لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا بە تەواوی سنووریان بۆ دیاری کرابێت.

٣- ئامانجی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەکە، واتە لایەنگران و بەشدارانی بزووتنەوەکە بە دوای سەقامگیری چ جۆر نەزم و ئامانجێکی کۆمەڵایەتیدانن.

٤- بواری هاوبەشی کولتووری و گشتگیربوون وەک پەسەندکردنی بەهاکانی مافی مرۆڤ، تەندروستی، ژینگەپارێزی و ئازادی لە لایەن ئەندامانی بزووتنەوەکە.

"تۆرن" بەتایبەتی جەخت لەسەر ناسنامە دەکاتەوە و پێی‌وایە بنەمای کاری گشتی کە لە بزووتنەوەدا دروست دەبێت ئەو ناسنامەیەیە کە لە نێو بەشداربووان هەستی پەیوەست بوون دروست دەکات، و سنووری هەموو دامەزراوەیەک یا گروپێکی تایبەت تێدەپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا جیاوازی و تایبەتمەندیی کەسی بکەران دەپارێزێت. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەک ئەوکاتە لەنێو دەچێت کە ناسنامەکانی ڕێکخراوەیی بەسەریدا زاڵ بن و هەستی گرێدراوی بە کۆمەڵێکی بەرفراوانترەوە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕێکن لە هەڵسوکەوتی نێوان بکەرە جیاوازەکان و بەپێی هەلومەرجەکان دەتوانێت ڕێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکان بگرێتەوە، لە بەر ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەندامیان نییە، بەڵکوو بەشداربوویان هەیە. ئەم بەشداربوونە سەرچاوەکەی هەستی بوونی تاکە لە هەوڵێکی گشتیدا، بێ ئەوەی گرێدراویی فەرمی بە ڕێکخراوێکی تایبەتەوە هەبێت، بەم شێوەیە بەشداری تاک لە سەر بنەمای مەیلی تاک خۆی دەبێت.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕای "تۆرن" ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەو چالاکیانەن کە لە کۆمەڵگەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئەنجام دەدرێن. هەروەها خوازیاری تێگەیشتن لەو ئامانجانە بوو کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە دوایدا دەگەڕێن و ئەو بۆچوون و بیرۆکانەی کە دژی کار دەکەن. ئەو پێی وابوو کە پێویستە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکردەیی و لە گۆڕەپانی کردار و چالاکی بزووتنەوەکان توێژینەوەیان لە سەر بکرێت. مەبەست لە گۆڕەپانی کردار ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هێز و فاکتەرانەی کە بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی دەبنەوە. "تۆرن" سەبارەت بە داهاتووی بزووتنەوەکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەییان جەخت لەسەر شێواز و پەیوەندییەکانی بزووتنەوە و پێکهاتەکانیان دەکاتەوە. پێیوایە پرۆسەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو کە لە مەیدانی کارکردن هەیە، لەوانەیە ببێتە هۆکاری گۆڕانێک لە هەلومەرجەکاندا، کە بزووتنەوەکە هەوڵی بەرنگاربوونەوەی داوە، بەڵام لەوانەشە ببێتە هۆی تێکەڵبوون و یەکگرتنی دیدی هەردوولا، لە هەر یەکێک لەو بارودۆخانەدا لەوانەیە بزووتنەوەکە لە ناو بچێت یا وەک ڕێکخراوێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە.

## تیوریی "مانۆیل کاستلیس"

مانۆیل کاستلیس (Manuel Castells 1942) کۆمەڵناسی ئیسپانی لە "هێزی پەیوەندییەکان"دا بۆچوونەکانی خۆی



سەرچاوە Serchawe

خستووەتە ڕوو، ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و جەخت لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن لە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان وەکو مۆبایل، ئینتێرنێت و تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و میتۆدۆلۆژییەکی سەربەخۆ و تا ڕادەیەک گشتگیر دەخاتەڕوو. بە جۆرێک کە بەرهەمەکانی هاوکات لەسەر بنەمای ئەو تێبینی و ئامار و داتایانەیە کە خۆی تێیدا بەشدار بووە و ئەزموونی کردوون و نێوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەیان هەیە، هەر بۆیە هێندێک کەس "کاستلیس" تا ئێستاش بە دیارترین تیئۆریڤانی جیهانی و تایبەت بە سەردەمی زانیاری دەزانن.

چوارچێوەی هزری "کاستلیس" لە سەر چەمکی (کۆمەڵگەی تۆڕی)ـی وەستاوە. لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵگەی تۆڕی جیهانی، کۆمەڵگەیەکە کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەی تۆڕە چالاکبووەکان بە ڕێگای تەنکنۆلۆژیای زانیارییەکان، پەیوەندییەکان و ڕێکخستنی داتا بە شێوەی دیجیتاڵی لەسەر بنەمای مایکرۆئێلکترۆنیک بیچمیان گرتوە. لە وەها کۆمەڵگەیەک تۆڕەکان دەسەڵاتیان هەیە بە سەر ئەو چالاکی و ئەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی تۆڕەکان (دەرەوەیی و نێوخۆیی) بە ئەژمار دێن و هەر لەم سۆنگەشەوە تۆڕە جیهانییەکان هۆکارن بۆ لەنێوچوونی تۆڕە خۆجێیەکان.

"کاستلیس" لە کتێبەکەی دیکەی - تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا - زیاتر دەپرژێتە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی ڕابردوودا. ئەو پێیوایە بزووتنەوە بەتۆڕکراوەکانی سەردەمی پەیوەندییەکان شێوازێکی نوێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەو بزووتنەوانەی کەمتر زنجیرەی پلەبەندین و زیاتر لە سەر بنەمای بەشداری کردنن. بزووتنەوە بێ ڕێبەرەکان، زیاتر لە سەر بنەمای تۆڕە ئاسۆییەکان، خۆبەڕێوەبەریی سیاسی تاک و یەکانگیری پلان بۆ دانەڕێژراو ڕاوەستاوە. لە ڕوانگەی "کاستلیس" ئەم جۆرە بزووتنەوانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێ دەکات و لە جیهانی ئەمڕۆی پەیوەندییەکان وەکوو ڤایرۆسێکی گوازراوە، لە ڕێگای مۆبایل و گواستنەوەی نووسین و دەنگ و ڕەنگ پەرە دەستێنێت. ئەو پێیوایە کە ئینتەرنێت بارودۆخ و دەرفەتێکی ڕاستەوخۆی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بەشداری پێکردن، هەستەکانی تووڕەیی گشتی و هیوای دروست کردوە. ئەو بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ترس و دۆزینەوەی هیوا، پەلکێشمان دەکات بۆ چەمکێکی گرینگ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەویش چەمکی "شوناسی گشتی"یە. شوناسی گشتی ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی پتەو و تێکەڵاو لە پەیوەندییەکان کە بە هۆیەوە بکەران دەتوانن پێناسەیەکی یەکگرتوو، بێ سنوور و نەگۆڕ لە (ئێمە) لە هەر کاتێکی دیاریکراو بخەنە ڕوو و بە بەشداری کردنیان لە بزووتنەوەکە پێکەوەیان گرێ بدات. لە ڕوانگەی کاستلیس ئەمە بابەتێکی بنەڕەتی و گرینگە بۆ بزووتنەوەکان، لەبەر ئەوەی خەڵک بە هۆی پێکەوەبوون بەسەر ترسیاندا زاڵ دەبن و دەتوانن ئاسۆی هیواکانیان بدۆزنەوە. پێکەوەبوون هەمان چەمکی (کۆمەڵگە) ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە پێویستی بە هەبوونی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە و ئەمەش هێشتا لە بزووتنەوەکە دروست نەبووە بەڵام بەرەو دروستبوون دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆرێک لە خەڵکانی بەشداربوو بە خۆزگە و ئامانجی تایبەتی خۆی پەیوەست بە بزووتنەوەکە دەبن و دواتر هەوڵ دەدەن شتە هاوبەشەکانیان لە ڕەوتی

بزووتنەوەکەدا بدۆزنەوە؛ هەر بۆیە کۆمەڵگە ئامانجێکە کە دەبێت بەدەست بێت بەڵام پێکەوە بوون خاڵی دەستپێک و سەرچاوەی گەیشتن بە هێزە.

کاستلێس لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو دەکات و بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تۆڕییەکان ناوی دەبات، کە سەرەتا لە جیهانی عەرەب پەرەی سەند و ڕووبەڕووی توندوتیژی تۆقێنەری دیکتاتۆری عەرەبی بوونەوە. ئەم بزووتنەوانە چارەنووسی جیاوازیان هەبووە، هەر لە سەرکەوتن تا دانوستان، ڕەشەکوژیی بەردەوام و تەنانەت شەڕی نێوخۆییان ئەزموون کردوە، دواتر بزووتنەوەکانی دیکە دژی بەڕێوەبەریی ناتەندروستی قەیرانی ئابووری لە ئورووپا و ئەمریکا سەریان هەڵدا.

**سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی "وال ستریت" لە کتێبی (تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا) چەند تایبەتمەندییەک بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەیاری دەکات کە بریتین لە:**

١- بزووتنەوەکان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانیان تۆڕین (Networked)، کە ئینتێرنێت، مۆبایل و ئامرازەکانی دیکەی ئۆنلاین و ئۆفلاین دەوری سەرەکی دەبینن.

٢- لە کاتێکدا ئەو بزووتنەوانە بە گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێتەوە سەرهەڵدەدەن، تەنها بە داگیرکردنی ژینگەی شار دەبنە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، چ بە دەستبەسەرداگرتنی گۆڕەپانە گشتییەکان بێت یا بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان لە شەقامەکان. کەشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە لە کارلێکیی نێوان کەشی ڕەوتەکانی سەر ئینتێرنێت و کەشی ئەو شوێنانەی کە خۆپیشاندانی لێ دەکرێت پێک دێت، هەربۆیە ئەم تێکەڵبوونەوەی کەشی سەرهێڵ و کەشی شار، سێهەم کەش بە دوای خۆیدا بەناوی کەشی ئۆتۆنۆمی. ئەم کەشیی ئۆتۆنۆمی (خۆدمختاری)ـە شێوازی نوێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانە.

٣- ئەگەرچی بزووتنەوەکان بە هۆی دەستبەسەرداگرتن و خۆپیشاندان لە شەقامەکان تارادەیەک ڕەگیان لە ژینگەی شار داکوتاوە، بەڵام بەردەوام بوونی ئەوان لە کەشی ئازادیی ئینتێرنێت دەستەبەر دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزووتنەوەکان تۆڕێکن لە تۆڕەکان، دەتوانن بەبێ ئەوەی شوێنێکی دیاریکراویان هەبێت بە ڕێگای کارلێکی نێوان ئەو تۆڕانە یەکگرتوویی و یەکدەنگیی خۆیان دەستەبەر بکەن.

٤- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی پرێشکێکەوە دەست پێدەکات کە دەکرێ بە هۆی ڕووداوێکەوە بێت یا بە هۆی بێزاری زۆر لە کردەوەی دەسەڵاتداران. کە لەم بوارەدا ڕۆڵی گواستنەوەی دیمەنەکان زۆر گرینگن، بەتایبەتی ماڵپەڕی یوتیوب دەورێکی کاریگەری هەبووە لە ڕێکخستنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەکاندا.

٥- بزووتنەوەکان لە هەمان کاتدا کە لۆکاڵین، جیهانییشن؛ بە هۆکاری تایبەت بەو ژینگە یا کۆمەڵگەیە لە بەستێنێکی تایبەتەوە سەر هەڵدەدەن و کەشێکی گشتی دروست دەکەن لە ڕێگای داگیرکردنی کەشی شار و پەیوەست بوونیان بە ئینتێرنێت، کاردانەوەی دەبێت لە ئاستی جیهانی، لەبەر ئەوەی بە هۆی ئامڕازەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتێرنێت پەیوەندییان بە سەرانسەری جیهان هەیە و بۆ ڕێکخستنی خۆیان سوود لە ئەزموونەکانی دیکە وەردەگرن. و وەکوو ڤایرۆسێکی گوازراوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە وەک ئەزموونی بزووتنەوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی کە چەندین وڵاتی عەرەبی گرتەوە کە زۆرینەی ئەوانە بە هۆی خراپیی دۆخی گوزەرانی خەڵک و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتداران بوو.

٦- قۆناغی تێپەڕین لە تووڕەییەوە بۆ هیوا بە ڕێگای هاوفکری لە کەشی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر دەبێت. بڕیارەکان بە گشتی لە کۆبوونەوە و لێژنەکان بە وەرگرتنی ڕای بەشداران دیاری دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوانە بێ ڕێبەرن، ئەوەش نەک بە هۆی نەبوونی خواست یا نەبوونی کەسی شیاو، بەڵکوو بەهۆی بێ متمانەیی زۆرینەی بەشدرانی بزووتنەوەکە بەرانبەر هەر جۆرە نوێنەرایەتی کردن و پێ سپاردنی دەسەڵاتەکان.

٧- تۆڕە ئاسۆییە فرە ڕەهەندەکان لە کەشی ئینتێرنێت و کەشی شار، دەبنە هۆی هەستی پێکەوەبوون، بە خاڵێکی سەرەکی بۆ بزووتنەکان دادەنرێت. لەبەر ئەوەی خەڵک بە هۆی پێکەوە بوون بە سەر ترسیان زاڵ دەبن و ئاسۆی هیوایان دەدۆزنەوە. هەر بۆیە ئاسۆیی بوونی تۆڕەکان دەبنە هۆی بەهێزبوونی هاوکاری و یەکانگیری لە نێوان بەشداران و پێویستیی هەبوونی ڕێبەری فەرمی کەم دەکاتەوە.

٨- بزووتنەوەکان بەبەردەوامی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی ئەوە دەکەن چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و دێموکراسییەکیان دەوێت. بزووتنەوەکان لە بنەڕەتدا توندوتیژ نین، پشت بە نافەرمانی مەدەنی دەبەستن، بەڵام ناچار دەکرێن بە مەبەستی گوشار خستنەسەر دەسەڵاتداران شوێنە گشتییەکان بگرن یا پشت بە تاکتیکی تێکدەرانە ببەستن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان




**پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا**

**(بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)**

لە نیوەی دووهەمی دەیەی (١٩٩٠) بەولاوە، بەکارهێنانی ئینتێرنێت لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و تا ڕادەیەکیش لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا، فراوان بووە و بەهۆی کاریگەریی بەربڵاوی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی تاکەکان، بۆتە هۆی هاتنە کایەی چەندین چەمک وەک " گوندی جیهانی"، "وشیاریی هەسارەیی" و "کۆتایی جۆگرافیا" لە ناوەندە ئاکادیمیەکانی ئەم سەردەمە. وەک دەگوترێ سیاسەت بە سەر باڵەکانی ڕاگەیاندنەکاندا دەسووڕێت. بە تایبەتی بەهۆی زۆری بەکارهێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و جیهانی لە ئینتێرنێت، ڕۆڵگێڕانیان لە هەڵسوکەوتی و چالاکییە سیاسییەکان زیاتر بەدیار دەکەوێت. هەروەها تەکنۆلۆژیای نوێ ئەو توانایەیان هەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهان بەهێز بکەن.

شۆڕشی پەیوەندییەکان، لە ڕێگای سەتەلایت، ئینتێرنێت و جۆرەکانی دیکەی مێدیای کۆمەڵایەتییەوە جیهانێکی نوێی هاوتەریبی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە دروست کردوە کە تێیدا جۆرێکی نوێ لە پەیوەندییە مەجازییەکان هاتوونەتە کایەوە، کە بە هۆیەوە کولتوورەکان لە ڕێگای ئامرازەکانی ئەلەکترۆنیکەوە دەگوازرێنەوە و چەمکەکانی کات و شوێن

واتایەکی تازە پەیدا دەکەن. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی گۆڕانکاری بەرچاویان هێناوەتە کایەوە لە کولتوور، سەرچەشنەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی ڕۆژانەماندا. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەیە "کاستلیس" پێی وایە لە کۆتایی هەزارەی دووهەمدا جیهانێکی نوێ خەریکی فۆرمگرتنە کە خاوەن بونیادێکی نوێی کۆمەڵایەتییە.

هەر بۆیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە بەشداربوونیان لە فەزای مەجازی بە ڕێگای بەکارهێنانی ئینتێرنێت و سەتەلایت، هاووڵاتیانی ناڕازی بە سیاسەتی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانیان کۆ کردۆتەوە و ڕێکیان خستوە، بەم شێوەیە چالاکییەکان و دژایەتییان بە دژی حکوومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخستوە. هەروەها وەکوو ئەکتەری سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی ناڕەزایەتییەکانیان بە جیهانی کردووە و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرینگی دروستکردن و بەهێزکردنی ڕای گشتی بۆ دەربڕینی خواستەکانیان. لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی مێدیای دەسەڵاتداران، بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر، پشتیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە.

ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەستن بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان میلیاردها بەکارهێنەری تێپەڕاندوە و بەردەوام لە زیادبووندایە. ئەم گەشەسەندنی چەندایەتی و چۆنایەتییە لە ئامرازەکانی پەیوەندی کردن کاریگەریی زۆری لە سەر کۆکردنەوەی سەرچاوەکان لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە. هەروەها پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی زانیاری لە ئاستی گشتی و جیهانی، بۆتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە پێکهاتەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و جێگەی فۆرمە کلاسیکەکانی کۆکردنەوەی پێشوەختەی تاکەکانی گرتۆتەوە و بۆتە ئامرازێکی نوێی هەماهەنگی بۆ کۆکردنەوەی چالاکان و ناڕازییان لە دەوری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان و هاودەنگکردنی چالاکان و بەشدارانی بزووتنەوەکە.

کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و شێواز و کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بە مەبەستی باسکردن لە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوا دوو ئاراستە یا تێڕوانین هەیە، تێڕوانینی گەشبینانە کە باس لە کاریگەریی ئەرێنی و تێڕوانینی ڕەشبینانە باس لە کاریگەریی نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. تێڕوانینی گەشبینانە هیوادارە کە سروشتی هێز لە تۆڕەکانی دیجیتاڵی بگۆڕدرێ بۆ سروشتی هێز لە دنیای واقیعی، لە بەر ئەوەی تۆڕەکانی دیجیتاڵ زیاتر لە هەر کات لەگەڵ ژیانی ئێمە تێکەڵاون.

**ئەو ئاراستەیەی کە باوەڕیان بە گەشبینیی دیجیتاڵی هەیە لایەنە بەهێز و باشەکانی ئینتێرنێت بۆ چالاکیيە بەکۆمەڵەکان دێننە بەرباس کە چەند بوار لە خۆ دەگرێت و بریتین لە:**

### کاریگەریی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

گرینگترین کاریگەریی ئینتێرنێت لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان و هاوەدەنگکردنی چالاکانە. بۆ ئەوەی کە ئینتێرنێت یارمەتیدەری ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان بێ پێویستە پێشتر دوو قۆناغی شوناس‌سازی و پێکهێنانی تۆڕی پێک‌هێنابێت. لە ئێستادا ئینتێرنێت توانایيەکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی شوناسی بەکۆمەڵ، بە پێکهێنانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و باوەڕەکان لە کەشی سایبرنتیکی.

تێئۆریی "شوناسی بەکۆمەڵ" لە لایەن (ئالبرتۆ ملۆچی Alberto Malucci) خرایەڕوو. خاڵی سەرەکیی تێئۆرییەکەی؛ تێگەیشتن لە ئامانجەکان و خواستی بکەران و چالاکانە. ئەو پێی‌وایە کە کردەی بەکۆمەڵ شتێک نییە بێجگە لەو ئامانج و خواستانەی کە بکەران بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن پێی ئەنجامی دەدەن. خاڵی گرینگ سەبارەت بە کردەی بەکۆمەڵ لە ڕوانگەی (ملۆچی) ئەوەیە کە شوناسی بە کۆمەڵی تاڕادەیەک جێگیر و تێکەڵاو، دەبێت لە نێو ئامانجەکان، ئامرازەکان و شێوازە جیاوازەکانی یەکانگیری و کاری ڕێکخراوەیی دروست بێت.

بۆ نموونە لە ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە بەهێزکردنی شوناسی بەکۆمەڵ بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ و وێنەکانی فەیسبووک، تویتێر و وێبلاگەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە بەهێزکردنی شوناسی بەکۆمەڵ لەنێو خەڵکدا. هەروەها لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی - یوتیوب، فەیسبووک و تویتێر- وێڕای وێبلاگنووسانی ئۆنلاین و مۆبایل لە دروستکردنی پەیوەندی، هاوئاهەنگی و چاوەدێری ڕەوتی خۆپێشاندانەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو. بە تایبەتی لە میسر و توونس کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تێیاندا سەرکەوتن، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هاوئاهانگیی چین و توێژەکان و کردەی ئاڵوگۆڕخوازانە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرنامەڕێژی بۆ کرا.

جێگەی ئاماژەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو نێوەدا هۆکار بوون بۆ ڕێکخستن و خێراکردنی ڕەوتی خۆپێشاندانەکان، نەک دەستپێکەری جموجۆڵ و ڕاپەڕینەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی فەیسبووک و تویتێر بە چەشنێک پڕ ڕەنگ و بەرچاو بوو کە بەشێک لە توێژەران و هەروەها هەواڵنێریی ڕۆیتێر لە چەمکەکانی وەک "شۆڕشی فەیسبووک" یا " شۆڕشی تویتێر" بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئاماژەدان بە ڕاپەڕینەکان بەکار دەهێنا.

### بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پەرەسەندنی ژێرخان و هەروەها دابەزینی نرخ بۆتە هۆی گەشەکردنێکی بێوێنە لە دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان و بە ملیاردها خەڵکی لە سەرانسەری جیهان پێکەوە گرێ داوە. شۆرشی پەیوەندییەکان لە ڕێگای سەتەلایت، ئینتێرنێت و جۆرەکانی دیکەی میدیای کۆمەڵایەتییەوە جیهانێکی نوێی هاوتەریبی لە گەڵ جیهانی ڕاستەقینە دروست کردوە کە تێیدا جۆرێکی نوێ لە پەیوەندییە مەجازییەکان هاتوونەتە کایەوە، لەم جۆرە پەیوەندییە مەجازییەدا کولتوورەکان لە ڕێگای ئامرازەکانی ئەلکترۆنیکەوە دەگوازرێنەوە و چەمکەکانی کات و شوێن واتایەکی تازە پەیدا دەکەن.

لە سەردەمی بەجیهانیبوون ڕاگەیاندنەکان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لە ئاستی جیهانی بەدەستهێنا و بوون بە هۆکاری بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە. سروشتی ئەو ڕاگەیاندنانە سەرو نەتەوەیی و نەبوونی سنووره کە لە ئێستادا دەست پێڕاگەیشتنی ئاسان کردوە. نموونەیەکی بەرچاو لە بواری سوود وەرگرتن لە ئینتێرنێت بۆ بەجیهانیکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؛ ڕاپەڕینی (زاپاتیستەکان) لە مکزیکە. زاپاتیستەکان لە وڵامدانەوە بە هێرشی نیزامیی حکوومەت کە گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت، هەوڵیان دا بەمێدیاییکردنی ئەو بابەتە و سوود وەرگرتن لە ئینتێرنێت، نارەزایەتی خۆیان بە گوێی جیهانیان بگەیەنن. زاپاتیستەکان تێگەیشتن کە تاقە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەدەستهێنانی لایەنگری و پشتیوانیی جیهانییە. بەمێدیاییکردنی ئەو بزووتنەوەیە، بەربەستی سەرەکی لە بەردەم تۆڵەکردنەوەی توندوتیژی حکوومەت دروست کرد. ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نێودەوڵەتیکردنی ئەو بزووتنەوەیە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، بۆ گروپێکی بچووکی وەکوو زاپاتیستەکان لە کۆمەڵگەی میکزیک تریبوونێکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە زاپاتیستەکان و بە دژایەتیکردن لەگەڵ حکوومەتی مێکزیک کۆ کردەوە. بە واتایەکی تر بابەتی ناوچەیی زاپاتیستەکانی بە جیهانی کرد و هێنایە بەردەم دادگای ڕای گشتی جیهانی.

وەک چۆن لە بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگیان گێڕا بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوان بە ئاستی جیهان، بە هەمان شێوە لە بزووتنەوەی داگیرکردنی (واڵئێستریت)یش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا و دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ئاستی جیهانی هەبوو. ئینتێرنێت و پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەییەکان لە بزووتنەوەی واڵ ئێستریت لە کۆمەڵگەی ئەمریکا، ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە بزووتنەوەکە و دژایەتی لەگەڵ حکوومەت و نیزامی سەرمایەداریی مەوجوود هێنایە سەر هێڵ و

بزووتنەوەکەی بە جیهانی کرد.

هەربۆیە سەروو نەتەوەیی بوون و دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهانی بوو بە یەکێک لە تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، کە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا، ئینتێرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ڕەهەندی تەکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرچی زیاتر پەرەسەندنی دیاردەی بەجیهانیبوون.

## ڕێبەری ئاسۆیی

"کاستلیس" لە کتێبی "تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێت" ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی تێپەڕیین لە تووڕەیی بۆ هیوا لە کەشی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) دەستەبەر دەبێت. بڕیارەکان بە گشتی لە نێو گرووپدا دەدرێت و بزووتنەوەکان بێ ڕێبەرن. ئەمەش نەک بە هۆی ئەوەی کەسی شیاو نەبێت یا کەس خواستی ڕێبەربوونی نەبێت، بەڵکوو بە هۆی بێ‌متمانەیی زۆری بەشدارانی بزووتنەوەکانە بەرانبەر لە جۆرە نوێنەرایەتی کردن و بەسەنتەرکردنی دەسەڵات. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئاسۆیی بوونی تۆڕەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوکاری و یەکدەنگی لەنێو بەشداران و پێویستیی هەبوونی ڕێبەری کەم دەکاتەوە.

نوێترین نموونە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی نوێی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی بکەین کە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و چالاکییەکان لە لایەن ناوەندێکی دیاریکراوی ڕێبەری و سەنتەر بوونی ڕێکخستنەکان نەبووە، وەکوو شۆڕشە کلاسیکیەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو کە کەسانێکی دیار و ناسراو وەکوو کاریزما، ڕێبەریی شۆڕشەکانیان دەکرد. بەڵکوو شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هاوشێوەی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی بە ڕێگای ڕێبەریکردنی فراوان و ئاسۆیی و چالاک بوونی گرووپە خۆجێیەکان بووە.

وەک چۆن لە بزووتنەوەکانی میسر و تونێس ڕێبەر یا حیزبی پێشەنگیان لە سەرووی بزووتنەوەکە نەبوو، لەو بزووتنەوانە بەر لەوەی لە دەوری تاکێک کۆببنەوە لە دەوری ئایدئۆلۆژییەکی تایبەت وەک یەکسانیخوازی، مافی مرۆڤ یا دێموکراسی کۆ دەبوونەوە. هەروەها ڕێبەری کاریزماتێک جێگەی بە ڕێبەری بە کۆمەڵدا کە زۆربەی کات لە فەزای سایبرنتیکی پێک دێت و دواتر چالاکی دەکەن. شۆڕشی میسر هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو و هیچ حیزب و گرووپێکی تایبەتیش ڕێنیشاندەری نەبوو و ئەوە خودی خەڵک بوون کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان و بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی نارەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان کرد. هەر بۆیە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی میسر نموونەیەک بوو لە



سەرچاوە
Serchawe

تەواو خەڵکیی و ڕێبەرییەکی ئاسۆیی هەبوو زیاتر شۆڕشەکە لە خوارێ بۆ سەرێ بوو.

بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو زیاتر لەوەی بە کردەوەیەکی تاکەکەسی لە ڕێگای یەک یا چەند کەسێکی کاریزماتیک بناسرێن، بە ڕەوتی بە کۆمەڵ و کاریگەریی پێکهێنانی گروپەکان بە شێوەی ئۆنلاین دەناسرێن. بۆیە ئەو بزووتنەوانە لە ژێر ناوی "شۆڕشە بێ ڕێبەرەکان" پێناسە دەکرێن. بە هەمان شێوە بزووتنەوەی داگیرکردنی والئێستریت هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو، نە ڕێبەری ناوچەیی، نە نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. بنەمای بێ ڕیبەری لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەو بزووتنەوانەدا کۆمەڵێک کارکردی ڕێبەری هەبوون بەڵام ئەوانەش بە شێوەی ناوچەیی لە ڕێگای ئەنجومەنێکی گشتی یا کۆبوونەوە گشتییەکان دادەڕێژران. هەروەها کۆمەڵێک هاوئاهەنگی هەبوو کە یارمەتیدەر بوو بۆ دارشتنی بڕیاری بە کۆمەڵ و ئەو کردارانەش لە ڕێگای ڕاوێژکردن لە کەشی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهاتن.

ئەوەی کە خرایە ڕوو ڕوانگەی گەشبینانە بوو سەبارەت بە کاریگەریی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک لە بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو کە کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لە سەر ئاراستەکردنی بزووتنەوەکان و فراوان بوونی بزووتنەوەکان. بەڵام بێگومان هەر دیاردەیەک دەکرێت سەرەڕای باشییەکان و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەوا کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیش بەدوای خۆیدا بێنێ. بۆیە لە درێژەدا هەوڵ دەدرێت گۆشەنیگای ڕەشبینانە یا کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتە ڕوو.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان




### پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێیانوابوو فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنیی لە پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبێت. هەرچەندە لە ڕابردوودا نوخبەکان و چالاکانی بزووتنەوەکان بە بەکارهێنانی تۆڕەکانی گەیاندنی زانیاریی سوننەتی بە خێرایی کەم و تێچووی زۆر هەوڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی خەڵکیان دەدا، بەڵام لەگەڵ هەرچی زیاتر فراوانبوونی و لە بەردەست بوونی بۆ گشت کەس سەرەڕای زیادبوونی خێرایی لە گەیاندنی زانیارییەکان تێچووی ئەو چالاکییانە تارادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لە هێندێک کات ئاراستەی بزووتنەوەکان دەگۆڕێت و تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی لاوازبوون یا لە نێوچوونی بزووتنەوەکە.

پەیوەندییەکان لە ڕێگای ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگیان لە زۆربەی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە. هەر بۆیە چەندین توێژینەوە سەبارەت بە تاوتوێکردنی ڕۆڵی ئەم ئامرازانە لە کارلێکی مەدەنی و بەشداریی سیاسی ئەنجام دراوە. بەپێی ئەو ڕوانگانەی کە هەوڵی شرۆڤە کردنی کاریگەریی ئینتێرنێتی لە

بزووتنەوەکان داوە، ئینتێرنێت نەک چالاکیی ئۆنلاینی خێراتر کردۆتەوە بەڵکوو فۆرمێکی نوێی بە چالاکییەکان بەخشیوە. هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری زۆربوونی ڕوانگەی ئەرێنی و خۆشبینانە بەرانبەر ڕۆڵی ئینتێرنێت لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕوانگەی ئەرێنیی دیجیتاڵی هیوادارە کە بتوانێ نێوەرۆکی هێز لە تۆڕە دیجیتاڵییەکان و هەروەها نێوەرۆکی هێز لە جیهانی واقیعی بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی ئەو تۆڕە دیجیتاڵییانە زیاتر لە هەر کات تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤەکان بوون، بەڵام زۆری نەخایاند کە لە بەرانبەر ئەو تێڕوانینە ئەرێنیانە، تێڕوانی نەرێنی یان ڕەشبینانە پەرەی سەند، کە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیار. ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانە پێیان وایە کە کاریگەریی ئینتێرنێت لە سەر دێموکراسی ئەوەندەش ئەرێنی و خۆشبینانە نییە.

لێرەدا چەند خاڵێک سەبارەت بە کاریگەریی نەرێنی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر چالاکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

## بەربڵاوبوونی چالاکی و سلاکتیڤیزم(Slacktivism)

لەم ساڵانەی دواییدا توانایی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو هۆکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی فراوان جێگای مشتومڕی توێژەران و بیریارانی ئەو بوارە بووە. ڕوانگەکان سەرەتا سەبارەت بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە چالاکییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەرێنی بوون. بەڵام دواتر ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە هاتە کایەوە لە ژێر ناوی (سلاکتیڤیزم)، کە چالاکییە دیجیتاڵییەکان بە چەندین هۆکاری وەک؛ کەمتەرخەمی، کەمیی تێچوو، نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی واقیعی (جیهانی ئۆفلاین)، نەبوونی پابەندی، پەیوەندی کەم و لاوازیی تاکەکان لە گەڵ یەکتر، کەمبوونەوەی کاریگەری یا نەبوونی کاریگەری ڕەت دەکەنەوە.

چالاکیی ئۆنلاین وەکو (سلاکتیڤیزم) لە ئێستادا کەوتۆتە بەر ڕەخنە بەو مانایەی کە چالاکیی ئۆنلاین کاریگەری ڕاستیەقینەی لە سەر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت چالاکیی مەدەنیی داهاتووش دەخەنە مەترسییەوە. (سلاکتیڤیزم) کە بە "خەبات لەژێر لێفە" ناسراوە. فرێدکلارک و دوایت ئۆزارد (Fred Clark and Dwight Ozard) لە یەکەم کەسانێک بوون کە لە ساڵی ١٩٩٥دا چەمکی (سلاکتیڤیزم)یان بە واتایەکی ئەرێنی، بۆ ئاماژە کردن بە چالاکییەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوەی گەنجان بە مەبەستی کاریگەری دانان لە سەر کۆمەڵگە لە ئاستی بەرتەسک بەکار هێنا. بەڵام لە ئێستادا ئەم چەمکە واتای ئەرێنیی خۆی لە دەست داوە و بە واتای نەرێنی بەکار دێت. چەمکی سلاکتیڤیزم لە وشەی (Slacker) بە واتای بێ هێز کردن و وشەی (activism) بە واتای چالاکییەکان پێکهاتووە. کەواتە سلاکتیڤیزم بەواتای بێهێزکردنی چالاکییەکان دێت.

"خستو و هاوکارانی" لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران ئاماژەیان بە ڕۆڵی ئینتێرنێت لە لاوازبوونی هێز و جۆش و خرۆشی بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی ئەو کات کردوە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو تویژینەوەیە لە نێوان زۆربوونی چالاکی لە کەشی مەجازی و هاتنەخوار و کەمبوونەوەی بەشداریی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام پەیوەندی هەیە. لە دوای ٢٦ی مانگی پووشپەڕی ١٣٨٨ (١٧ - ٧ - ٢٠٠٩) چالاکیی مەجازیی بزووتنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەکات، لەو ماوەیەدا بچووکترین هەواڵ و ڕووداو شەپۆلێک لە سازبوونی بابەتی نووسراو و فرە ڕەهەندی مێدیایی بە دوای خۆیدا دێنێ و بە لایک و کۆمێنت و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و دیمەنانە، چالاکییەکان دەکەوێتەوە بەردید و بۆچوونی خەڵک. تێبینیی گرینگ لەو قۆناغەدا گۆڕانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ئەندامان سەبارەت بە ڕێکخراو و بزووتنەوەکەیە.

بەڵام خۆپێشاندەران و ناڕازییان لە جیاتی سودوەرگرتن لە هێز و توانایی ئەنتەرنێت بۆ کۆنترۆڵ و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان، چالاکی لە ڕێگای کلیککردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان هەڵبژارد کە ئەوە هەمان خەبات و تێکۆشان لەژێر لێفە یا تێکۆشان لە ڕێگای کلیک و سەرلەنوێ بڵاو کردنەوەی بوو.

بەو شێوەیە کاتێک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لە جیهان شکڵی نەگرتبێ یان ئەو ڕەوتە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و ڕوونی نەبێ تێکۆشانی مەجازی لەژێر هەر ناوێک بێ شتێک جگە لە پێ ڕابواردن بە هەوڵ و تێکۆشان و لێدان لە پێگەی تێکۆشەران دژی بارودۆخی هەنووکەیی نییە. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە چوونەسەری ئاستی سودوەرگرتن لە ئامرازە بەردەستەکانی ڕاگەیاندن، هۆکار نییە بۆ چوونەسەری ئاستی چالاکییەکان؛ واتە هەڵکشانی سودوەرگرتن لە ڕاگەیاندنە مەجازییەکان لە کۆمەڵگە زیاتر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هاوولاتییان لە دیاریکردنی بەستێنی تێکۆشان تووشی هەڵە بن و لەجیاتی هاتنە سەرشەقام و گووشارهێنان بۆ حکوومەت، چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو بەستێنی چالاکی هەڵبژێرن، لە کۆتاییدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەران تووشی سەرلێشێواوی دەکا. ئەو سەرلێشێواوییە کاتێک بەرەوڕووی پرسێکی کۆمەڵایەتی یا چالاکییەک دەبێتەوە، هەر لە سەرەتاوە ڕاستەقینەبوونی خۆی لەدەست دەدات.

## چاوەدێری دەوڵەتەکان

ئەگەرچی ئینتێرنێت جیهانێکی بێسنوورە و هەموو کەسێک دەتوانێت لە ڕێگای دروستکردنی ماڵپەڕ یا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی چالاکی بکات و زانیارییەکانی هاوبەشی پێ بکات، یان کاریگەری لەسەر کۆمەڵە کەسێک دابنێت بەڵام دەوڵەتەکان دەتوانن بە پچڕانی ببنە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی چالاکی و نارەزایەتییەکان و ناڕازییان نەتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن یان گەیشتن بە ئامانجەکانیان دژوار بکات. لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ڕێژیمەکانی ئەو ناوچانە بە پچڕاندنی ئینتێرنێت و چاوەدێری پەیوەندیی تەلەفوونی و پێشگرتن بە کاری ڕۆژنامەوانانی بیانی و نەدانی ڤیزا و دەستڕانەگەیشتنیان بە



سەرچاوە
Serchawe

وڵات، بوون بە هۆکاری سانسۆر و بەرتەسککردنەوەی چالاکیی ڕاگەیاندنەکان و ناڕازییان، لە ئەنجامدا دژوارکردنی پەیوەندیکردنی بەشداربووان بەیەکتر. (ایوجنی مورازو) لە کتێبەکەیدا بە ناوی "فریودانی تۆڕی" باس لەوە دەکات ئینتێرنێت تەنها تایبەت بە خواستە دیموکراتیکەکان نییە، بەڵکوو ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان لە ئێستادا زیاتر سانسۆری دیجیتاڵی بەکار دێنن، پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان کۆنترۆڵ دەکەن، هێرشی سایبری بەکار دێنن و چالاکوانانی ڕاگەیاندن و نەیارانیان بە ئامانج دەگرن، ئەگەرچی جێگای ئاماژەیە کە ئەو چالاکوانانە بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەڵستی ئەو کۆنترۆڵ و کۆت و بەندانە دەبنەوە. هەروەها لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران، ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ڕاپەڕینەکانی ئۆکراین، سوود وەرگرتنی خەڵک لە مۆبایل و ناردنی نامە و بانگهێشتی خەڵک بۆ درێژەدانی ناڕەزایەتی هەیبوو، دەستی کرد بە پچڕاندنی سیستەمی کورتەنامە و هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی (١٣٨٨ی هـ). ئەو کارەش بەتایبەتی لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەی سەوز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵی چالاکییە ناڕەزایەتییەکاندا هەبوو.

سەرەڕای ئەوانە چاوەدێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتان لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ناڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێ، لەو بارەوە دەوڵەتان بە پاڵپشتی نەکردن لە بەرنامەکانی پەرەسەندن لە بواری تەکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندییەکان دەتوانن بەر بە شکڵگرتنی ژێرخانی گونجاو بگرن کە دەکرێ بەستێنی گونجاو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن. لەوبارەوە "سەردارنیا" باس دەکا کە " هەرچەندە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕاهێنان و پێوەندییەکان و هەروەها ژێرخانی پێوەندییە ئەلەکترۆنیکی- موخابەراتییەکان زیاتر بێ، ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و پێویستیی دەستڕاگەیشتن پێی زیاتر دەبێ. لەلایەکی تر هەرچەندە ئاستی پەرپێدانی سیاسی و دیموکراسی لە وڵات بچێتە سەرەوە ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دەچێتە سەرێ و بەربەستەکانی سەر ڕێگا کەمتر دەبن.

لە میانی ئەوەی خرایە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی شمشێری دوو دم دەگێڕن بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیاندنانە لەلایەک دەتوانن لە دامەزرانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەردەم ڕۆڵگێڕ بن و بەستێن بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی سەروو نەتەوەیی ناڕازییان پێک بێنن، کە ئەمەش لە ڕوانگەی گەشبینانە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی پێ کراوە. ئینتێرنێت ئامرازێک دەخاتە بەردەست ناڕازییان کە بە هۆیەوە شوناسسازی، پێکهێنانی تۆڕ و دواجار ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان بەدوای خۆیدا دێنێ. جگە لەوانە ئینتێرنێت بەهۆکاری بێسنوور بوون و بەجیهانی بوونی بەستێن بۆ سەروو نەتەوەیی بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنێ. ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاسایی و بە ئاسانی دەتوانن لە



سەرچاوە
Serchawe

ناوچەیەک و وڵاتێک بگەنە شوێنەکانی تری جیهان. چونکە چالاکوانان لەو بزووتنەوانەدا دەتوانن ئایدیا، ئارمان و ئامانجەکانیان لە فەزایەکی جیهانی کە ئینتێرنێت پێکی‌هێناوە بێننە بەرباس.

لەلایەکی تر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی بزووتنەوە هاوچەرخەکان کە پشت بەستوو بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەیە کە بێ ڕێبەرن و هەستی کاری بە کۆمەڵ لەنێو بەشداران بەهێز دەکات. ئەو گەشبینییە بە ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوەکان وەک زاپاتیستەکان لە مێکزیک، بزووتنەوەی دژ بە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە ساڵی (١٩٩٩) لە سیاتڵ، بزووتنەوەی دژ بە شەڕ لە ساڵی (٢٠٠٣)، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریت هەیانبووە.

سەرەڕای گۆشەنیگا و ڕوانگەی گەشبینانە کە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەکان هەیە، بەشێک لە گۆشەنیگا ڕەشبینانەکانیش لەو بارەوە گەشەیان کردووە کە باوەڕیان وایە دەبێ لە هەڵوێست گرتنەکانیان پێداچوونەوە بکرێ. بەپێی بۆچوونی ئەو بەشە لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگری جۆرێک لە چالاکی کە چالاکی لەژێر لێفە یان (سلاکتیڤیزم) دەناسرێ، بەستێن بۆ پاسیڤبوونی چالاکییەکان و ئامادە نەبوون لە گۆڕەپانی کردەوەدا پێک هێناوە. بەپێی ئەو بۆچوونە چالاکان بە کردەی ناکاریگەری وەک لایک، کۆمێنت، دانی پارمەتی بە بنکەی خێرخوازی، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە و دووبارە بڵاوکردنەوە، واژۆ کۆکردنەوەی ئۆنلاین یان هەر کردەوەیەکی تر لە دنیای مەجازی وا هەست دەکەن کارێکی گەورەیان بەڕێوەبردووە، لەحاڵێکدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پێویستی بە چالاکی لە سەرشەقام و کردەوەی واقیعییە. لەلایەکی تر دەوڵەتەکانیش بە بەربەست دانان و ئەنجامدانی هێندێک کردەی وەک فیلتێرینگ و سانسۆر دەبنە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان.

ئەو جۆرە کردارانەش لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و چالاکییە بەکۆمەڵەکانی دیکە لە سەرانسەری جیهان بەرچاو دەکەون کە دەوڵەتەکان لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەدا هەوڵیان داوە بە بەرتەسکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی چالاکان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەربەست دروست بکەن بۆ پێشگیری لە پەرەسەندنی بزووتنەوەکان. سەرەڕای ئەوانە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و نەرمە کاڵاکانی دیکە و مۆبایل زیاتر لەوەی کە بۆ ئامانجی سیاسی دامەزرابن بە مەبەستی سەرقاڵ کردن و دروستکردنی کۆمەڵگەی بەکارهێنەر دروست کراون.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قۆناغێک لە ژیانیان ئەزموون کردووە کە لەگەڵ ڕابردوو زۆر جیاوازە. پێشتر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشتبەستوو بوون بە ڕاگەیەندراوی جێگرەوە وەک؛ کاسێت، شەونامە، تێلگراف و ڕاگەیەندراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیەندراوانە کە دەست پێڕاگەیشتن پێیان بەرتەسک بووە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ڕەوتی شکڵ گرتن و بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەیەک دوور و درێژ بێتەوە، لەلایەکی تر تەنیا بەشێکی کەمی خەڵک ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بەو ئامرازانەیان هەبووە. هەروەها ڕۆڵی ڕێبەری و نوخبەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو زۆر بەرچاو و دیار بووە و پشتی پێ بەستراوە، بەڵام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لەو ڕاگەیەندراوانە بۆ کۆی کۆمەڵگە، لە ڕۆڵی ڕێبەری لەو بارەوە کەم بۆتەوە. سەرەڕای ئەوانە خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە ئاستێکی بەرز دایە و بزووتنەوەکان لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانن بە جیهانی بن.

خاڵێکی تر کە پێویست بە ئاماژە پێکردنە بە ئەگەری زۆر کاریگەری لەسەر داهاتووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ چوونە سەری کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێتی ماهوارەییە، کە ئەوەش بواری بەرتەسککردن و فیلتێرینگی لەلایەن دەوڵەتەکان نییە یان کەمترە، دەتوانێ بەستێن بۆ سازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆر بخوڵقێنێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ڕەوتێکی جیاواز ئەزموون دەکەن چوونکە هۆکاری سەرەکی لە پێداچوونەوە و چاوەدێری کەرەسەکانیان ئیتر دەوڵەتان نین بەڵکوو بازاڕ و خاوەن کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکانن کە دیاری دەکەن ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکام بزووتنەوە و بە چ شێوەیەک بەکار بهێنرێ. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانە لەوەدا بێت کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا پشتیوانی بکا. بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو بە شێوازێک بن کە دژی سەرمایەداری و بە تایبەت چاوەدێریی کۆمپانیا و بازار بن ئەوسا شێوەی هەڵسوکەوتیان لە بەرانبەریان جیاواز دەبی. بەڵام لە گەڵ ئەوەش هاووڵاتیان بە پێکهێنانی گرووپی هاککردن و چالاکیی خراپکارانە لە بەستێنی ئینتێرنێت هەوڵ دەدەن کە چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەور لێدەن و بەستین بۆ پێکهێنانی جۆری نوێتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخۆڵقێنن.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

## جیهانی نوێ و ئینترنێت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



(گۆشەنیگای ڕەشبینانە)

بەپێی ڕەشبینی چالاکی دیجیتاڵی ئەگەر کەسێک بتوانێت بیر لە کەڵکی زۆرباش و بەهێز لە ڕاگەیەنراوە دیجیتاڵییەکان بکاتەوە مەعلووم نییە کە بەسیجی دیجیتاڵ، پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژی بە شێوەی ئۆتۆماتیک ئاکامی دێموکراتیک وەدەست بێنن، چونکە ئینتێرنێت لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ جێگای هەیە و لەوانەیە بۆ کاریگەری کات یان کاریگەرییەکەی ڕوون نەکرابێتەوە. ئەو بۆچوونانەی لە ڕیزی ڕەشبینی دیجیتاڵ ڕیزبەندی کراون ئاماژە بە شتگەلی وەک بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی) و چاوەدێری دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارانی بەهێز دەکەن.

### ئەلف: بەربڵاوبوونی چالاکی (اسلکتیویستی)

کردەوەگەلی ئانلاین وەکوو (اسلکتیویستم) کەوتوونەتە بەر ڕەخنە بەو مانایە کە کردەوەگەلی ئانلاین کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی نییە و تەنانەت چالاکی مەدەنی داهاتووش دەخەنە مەترسییەوە. (اسلکتیویستم) کە بە "خەبات لەژێر لێفە"ش ناسراوە بەو چالاکییە مەجازییانە دەوترێ کە بەکارهێنەر هەستی ئاسوودەیی درۆیین لە بەڕێوەبردنی کردەوەی باش و بەهێز سازدەکا.فرێد کلارک و دوایت ئۆزارد یەکەم کەسانێک بوون کە ساڵی ١٩٩٥ دو چەمکی (slacker) بە واتای کەسی تەمبەڵ و سست و بێ حەوسەڵە و (Activism ) بە واتای چالاکیان پێکەوە

تێکەڵ کرد و (اسلکتیویستم) یا بۆ ئەو لاوانە بەکار برد کە دەیانهەویست بە کاری بچووکی وەک چاندنی نەمامێک یارمەتی تێکدانی ژینگە بکەن(شەرق، ١٣٩٧). خەستوو و هاوکاران (١٣٩٦) لە هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران ئاماژەیان بە رۆڵی ئینتێرنێت لە کزبوونی هێز و تینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کرد. بەپێی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەنێوان چوونە سەری چالاکی لە دنیای مەجازی و هاتنەخوار و کەمبوونی بەشداریی خەڵک لە هاتنە سەر شەقام پێوەندی هەیە. "دوای ٢٦ی مانگی پووشپەڕ چالاکی مەجازی بزووتنەوە ڕوو لە هەڵکشان دەکا. لەو ماوەیەدا بچووکترین هەواڵ و ڕووداو شەپۆلێک لە سازبوونی بابەتی نووسراو و فرە توخمی مێدیایی بەدوای خۆیدا دێنێ و بە لایک، کۆمێنت و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە بەر دید و بۆچوونی خەڵک. تێبینی گرینگ لەو دەورانەدا گۆڕانی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەندامان بەنسبەت ڕێکخراو و بزووتنەوەیە" (خەستوو و هاوکاران؛ ١٣٩٦:١٠٢). خۆپێشاندەر و نارازییان لەجیاتی کەڵکوەرگرتن لە زەرفییەتی ئینتێرنێت بۆ کۆنترڵ، چاوەدێری و ڕاگەیاندن تێکۆشان لە ڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەیان هەڵبژارد کە ئەوە هەمان تێکۆشان لەژێر لێفە یان تێکۆشان لەڕێگای کلیک کردن و سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە بوو. بەو شێوەیە کاتێک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لە جیهان شکڵی نەگرتبێ یان ئەو ڕەوتە بەرنامەیەکی ڕێک و پێک و ڕوونی نەبێ تێکۆشانی مەجازی لەژێر هەر ناوێک بێ شتێک جگە لە پێ ڕابواردنی بە هەوڵ و تێکۆشان و لێدان لە پێگەی تێکۆشەران دژی بارودۆخی مەوجود نیە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ کە چوونەسەری ئاستی کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە بەردەستەکان کە بە پێویستی دەزانێ ناگات بە چوونەسەری ئاستی چالاکییەکان؛ واتە هەڵکشانی کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیەنراوە مەجازییەکان لە کۆمەڵگە زیاتر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شارۆمەندان لە دیاریکردنی بەستێنی تێکۆشان تووشی هەڵە بن و لەجیاتی هاتنە سەرشەقام و گووشار هێنان بۆ حکومەت ئینتێرنێت وەکوو بەستێنی چالاکی هەڵبژێرن لە لێکدانەوەی کۆتایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنەران تووشی سەرلێشێواوی دەکەن. ئەو سەرلێشێواوییە کاتێک بەرەورووی پرسێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە یان بڕیارە کە چالاکییەک لەگەڵی لە پێوەندی دابێ هەر لە سەرەتاوە ڕاستەقینە بوونی خۆی لەدەست دەدات و بە وتەی بەکارهێنەران دانکیشووتگەلی پەسامۆدێرن کە ئەوجار سواری ئایپەد و گوشی و لابتۆپەکانیان و پۆشتە و پەرداخ بە کەرەسەی پێوەندی جۆراوجۆر بە فیزێکی چەندقات ناڕاست و ناواقعی و بێسوود دەچنە شەڕی ئاشەکانی هاوچەرخ یان هەمان ڕووداوەکان(سەرچاوەی پێشوو).

### ب: چاوەدێری و پێداچوونەوەی دەوڵەتەکان

هەرچەند کە ئینتێرنێت فەزایەکی بێسنوورە بەڵام ژێربەناکانی لە سنووری سەرزەوی وڵاتاندایە و بۆیە دەوڵەتان دەتوانن بە پچڕانی ئینتێرنێت ببنە هۆکارێک بۆوەی چالاکییە نارەزایەتییەکان نەتوانن بگەن بە ئامانجی لەبەرچاوگیراویان. لەو بوارەدا خەستوو و هاوکاران(١٣٩٦) ئاماژەیان بە پچڕانی ئینتێرنێت و ناردنی پەیامەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی سەوز لە ئێران کردوە و بە یەک لە هۆکارەکانی سەرەکی تێداچوونی ئەو بزووتنەوەیە و گۆڕانی بە چالاکی (اسلێکتیویستی) دەزانن.

"ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونێک کە لە ڕاپەڕینەکانی پێشتر وەک ئۆکراین و کەڵک وەرگرتنیان لە موبایل و ناردنی پەیامەک بۆ بانگهێشتی خەڵک بۆ درێژەی نارەزایەتی هەیبوو، دەستی کرد بە پچڕینی سیستمی پەیامەک و هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت لە ڕۆژانی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن". ئەو کارە بەتایبەت لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوەی سەوز کاریگەرییەکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵی چالاکییە نارەزایەتییەکاندا هەبوو. هەر لە سەرەتای ڕۆژانی خۆپێشاندانەکان دەوڵەتی ئێران دەستیکرد بە پچڕینی وێب سایتەکان و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەر بوون لە ڕەوتی فەراخان بۆ خۆپێشاندان و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکان بە ناڕازییەکان. هێنانەخواری خێرایی ئینتێرنێت، ڕاگەیاندنی زیاتر لەڕێگای هەواڵنێرییەکان لە ڕاستای شەفافسازی ڕێژەی کوژراوان و دژکردەوە فەرمییەکان، بەردەوامی پچڕینی سیستمی ناردنی پەیامەک، حزووری هێزی پۆلیس لە شەقامەکان و هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی جەوی ڕەوانی لە کردەوەگەلی دەوڵەت لەو بوارەدا بوون. هەروەها لە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیش ڕێژیمەکانی ناوچە بە پچڕینی ئینتێرنێت و چاوەدێری پێوەندی تەلەفۆنی و پێشگرتن بە کاری ڕۆژنامەوانانی بیانی و نەدانی ویزا و دەست ڕانەگەیشتنیان بە وڵات، بوون بە هۆکاری سانسۆر و بەرتەسککردنەوەی ڕەوتی ڕاگەیاندن. حکوومەتی موبارەک لە میسر و سەرهەنگ قەزافی لە لیبی لەدوای پۆشتەکردنی لایەنگرانی دەوڵەت لە شوێن و کاتی دیاریکراو لەڕێگای داواکاری بە دابینکەرانی خەدەماتی ڕاگەیاندن و موبایل بە ناردنی پەیامەک بوون. تاکتیکێک کە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ناڕازییان بەکار هێنرا.

سەرەڕای ئەوانە چاوەدێری و پێداچوونەوەیەی دەوڵەتان لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ ناڕاستەوخۆ بەرێوە بچێ لەو بارەوە دەوڵەتان بە پاڵپشتی نەکردن لە بەرنامەگەلی گەشەکردن لە بواری تێکنۆلۆژی زانیاری و پێوەندییەکان دەتوانن بەر بە شکڵ گرتنی ژێربەنای گونجاو بگرن کە دەکرێ بەستێنی گونجاو بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن. لەوبارەوە سەردارنیا (١٣٨٧) باس دەکا کە "هەرچەندە ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات لە بوارەکانی جۆراوجۆر وەک ڕاهێنان و پێوەندییەکان و هەروەها ژێربەناگەلی پێوەندییە ئێلێکترۆنیکی- موخابەراتییەکان زیاتر بی ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت و پێویستی دەست ڕاگەیشتن پێی زیاتر دەبێ. لەلایەکی تر هەرچەندی ئاستی پەرپێدانی سیاسی و دێموکراسی لە وڵات بچێتە سەرێ ڕێژەی دەست ڕاگەیشتن بە ئینتێرنێت دەچێتە سەرێ و بەربەستەکانی سەر ڕێگا کەمتر دەبن."

## ٣- ئاکام

ئاکامی وتاری بەردەست نیشانی دەدا کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی شمشێری دو لێوار دەگێڕی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیاندنانە لەلایەک دەتوانن لە دامەزرانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەردەم ڕۆڵگێڕ بن و بەستێن بۆ بەسیج و ڕێکخستنی ناڕازییەکان پێک بێنن. لەو گۆشەنیگا گەشبینانەیە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە



سەرچاوە Serchawe

کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە فایدە و سودی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەی پێکراوە. ئینتێرنێت کەرەسەگەلێک دەخاتە بەردەست نارازییەکان کە لە ڕێگای ویەوە بتوانن شوناس سازی، پێکهێنانی تۆڕ و دواجار ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان بەڕێوە بەرن. جگە لەوانە ئینتێرنێت بەهۆکاری بێ سنوور بوون و بەجیهانی بوونی بەستێن بۆ جەماوەریترکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوڵقێنێ. ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاسایی و بەسانایی دەتوانن لە ناوچەیەک و وڵاتێک بگەنە شوێنەکانی تری جیهان، چونکە چالاکان لەو بزووتنەوانەدا دەتوانن ئیدە، ئارمان و ئامانجەکانیان لە فەزایەکی جیهانی کە ئینتێرنێت پێکی هێناوە بێننە بەرباس.

لەلایەکی تر یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی بزووتنەوە هاوچەرخەکان کە پشت بەستوو بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن ئەوەیە کە بێ ڕێبەرن و ڕووحیەی کاری هاوبەشی چالاکانە کە دەبێتە هۆکاری ڕێکخستنی چالاکییەکان. ئەو گەشبینییە بە ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە ئەو کاریگەرییەی کە ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوەکان وەک زاپاتیستەکان لە مێکزیک، بزووتنەوەی دژ بە ڕێکخراوی تیجارەتی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٩ لە سیاتێل، بزووتنەوەی دژبە شەڕ لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی داگیرکردنی واڵ ئێستریت لەسەر شانیان بووە. دەرەنجامی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان کە چەند دانە لەوان لەو وتارەدا شەن و کەو کران، نیشاندەری ڕۆڵی کاریگەری ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە نوێیەکانن.

سەرەڕای گۆشەنیگا و بۆچوونی گەشبینانە کە بە کاریگەری و ڕۆڵی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوەکان هەیە، بەشێک لە گۆشەنیگا ڕەشبینانەکانیش لەو بارەوە گەشەیان کردووە کە باوەڕمەندن دەبێ لە هەڵوێست گرتنەکانیان پێداچوونەوە بکرێ. بەپێی بۆچوونی ئەو بەشە لە پسپۆڕ و شارەزایانی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێداگری جۆرێک لە چالاکی کە چالاکی لەژێر لێفە یان (ئێسلکتیویسم) دەناسرێ، بەستێن بۆ پاسیڤ بوونی چالاکان و نەبوونی حزوریان لە کردەوەگەلی واقعی پێک هێناوە. بەپێی ئەو بۆچوونە چالاکان بە کردەوەگەلی ناکاریگەری وەک لایک، کۆمێنت، دانی پوڵ بە بنکە خێرخوازی، سەرلەنوێ بڵاوکردنەوە و دووبارە بڵاوکردنەوە، یان هەر کردەوەیەکی تر لە دنیای مەجازی وا هەست دەکەن کارێکی گەورەیان بەڕێوەبردووە لەحاڵێکدا بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پێویستی بە چالاکی لە سەرشەقام و کردەوەی واقعییە. لەلایەکی تر دەوڵەتەکانیش بە بەربەست دانان و بەڕێوەبردنی کردەوەگەلی وەک فیلتێرینگ و سانسۆر دەبنە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نوێ. کردەوەگەلی لەو چەشنە لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران، ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و چالاکیگەلی تری بەکۆمەڵ لە سەرتاسەری جیهان بەرچاو دەکەوێ کە دەوڵەتەکان لە ڕۆژانی سەرەتای بزووتنەوە هەوڵیان داوە بە بەرتەسک کردنەوەی دەست ڕاگەیشتنی چالاکان بە تۆڕ کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵن بزووتنەوە پەرە بستێنێ. سەرەڕای ئەوانە خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتێر، ئینستاگرام و

نەرم ئەفزارگەلی کرداری تەلەفۆنی هەمرا زیاتر لەوەی کە بۆ ئامانجی سیاسی دامەزرابن بە مەبەستی سەرگەرم بوون و کۆمەڵگەی مەسرەفی ڕادەکێشن هەتا چالاکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەڕاستیدا ئەگەر ئەوڕۆکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چالاکیگەلی سیاسی کەڵک وەردەگیرێ زیاتر لەبەروەیە کە چالاکان ئەو جۆرە فەزایەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاری هاوبەشیان بە باشتر دەبینن و بوویتنە هۆکار کە کرکردی سەرەکی زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێژەیی بەو کەڵک وەرگرتنەی کە لێی دەکەن بگۆڕدرێ.

سەرەڕای خاڵگەلی باسکراو ئەو تێبینییە ئاماژەپێکردنی زەرووره کە ئینتێرنێت و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قۆناغێک لە ژیانیان ئەزموون کردووە کە لەگەڵ ڕابردوو زۆر جیاوازە. پێشتر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەستوو بوون بە ڕاگەیەنراوی جیگرەوە وەک کاسێت، شەونامە، تێلگراف و ڕاگەیەنراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕاگەیەنراوانە کە دەستپێڕاگەیشتن پێیان بەرتەسک بووە بوونە هۆکاری وەی کە ڕەوتی شکڵ گرتن و بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەیەک دوور و درێژ بێتەوە، لەلایەکی تر تەنیا بەشێکی کەمی خەڵک ئیمکانی دەستراگەیشتن بەو ڕاگەیەنراوانەیان هەبووە کە ئەو بابەتە ڕۆڵی ڕێبەری و نوخبەکانی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو بردبۆ سەر بەڵام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بە لەبەرچاو گرتنی ئیمکانی کەڵک وەرگرتن لەو ڕاگەیەنراوانە بۆ تەواوی کۆمەڵگە، لە ڕۆڵی ڕێبەری لەو بارەوە کەم بوویتەوە. سەرەڕای ئەوانە لە ڕاگەیەنراوە نوێیەکان خێرایی بڵاو بوونەوەی زانیارییەکان لەسەرێیە و بزووتنەوەکان لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانن بەجیهانی بن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوە کلاسیکەکان بە هۆکاری وەی کە پشت بەستوو بوون بە کەرەسەگەلی ڕاگەیاندنی بەرتەسک و خاوتر لەبواری دانی زانیاری و ڕاگەیاندن، ئەو سورعەتە زۆرەی بڵاوبوونەوەی زانیاری و بەجیهانی بوونیان نەبووە. تەنانەت دەکرێ بوترێ کە بزووتنەوەکانی ڕابردوو ئیمکانی بەجیهانی بوونیان نەبووە و زیاتر لە ئاستی ناوچەیی چالاکییان هەبووە. بەجیهانی بوون بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پرسێکە کە تایبەت بە سەردەمی ئێمەیە کە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بەستێنەیان پێک هێناوە تا چالاکان لە هەر شوێنێکی جیهان بتوانن بە نسبەت کێشە و پرسەکانی شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دژکردەوەیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانە ڕاگەیاندنی نوێ هێزی پێکهێنانی بەستێنی گشتی جێگرەوەی ئانلاینیان هەیە کە تێیدا پرسەکان شەن و کەو دەکەن، ئەو پرسە بوویتە هۆکاری وەی کە کاریگەری و ڕۆڵی ئەو ڕاگەیاندنە نوێیانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە ڕۆڵی تەنیا کەرەسەیی بێ.

خاڵێکی تر کە ئاماژەپێکردنی زەرووری بە ئەگەری زۆر کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ چوونە سەری کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێتی ماهوارەییە. ئەو جۆرە لە ئینتێرنێت کە ئیمکانی بەرتەسک کردن و فیلتێرینگی لەلایەن دەوڵەتەکانی نیە یان کەمترە، دەتوانێ بەستێن بۆ سازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو ڕەوتێکی جیاواز تەجروبە دەکەن چوونکە هۆکاری سەرەکی لە پێداچوونەوە و

چاوەدێری کەرەسەکانیان ئیتر دەوڵەتان نین بەڵکوو بازار و خاوەن کۆمپانیا ڕاگەیاندنەکانن کە دیاری دەکەن ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەکام بزووتنەوە و بە چ شێوەیەک بەکار بهێنرێ. لەوانەیە بەرژەوەندی ئەو سەرمایەدارانە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە دا پشتیوانی بکا و تەنانەت ژێرساختێک بۆ زووتر سەرهەڵدانی بزووتنە لەو ناوچانە دروست بکا، بەڵام ئەگەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو بە شێوازێک بن کە دژی سەرمایەداری و بەتایبەت چاوەدێری کۆمپانیا و بازار بن ئەوسا شێوەی هەڵسووکەوتێک لە بەرانبەریان دەگیرێ جیاواز دەبی. چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوو ئەکتەرانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ و بۆ لای کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شارۆمەندانی جیهانی بگەن. لەگەڵ ئەوەی شارۆمەندانیش بە پێکهێنانی گرووپی هەکێری و چالاکی خراپکارانە لە بەستێنی ئینتێرنێت هەوڵ دەدەن کە چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەوڵەت و کۆمپانیاکان دەور لێدەن و بەستێن بۆ پێکهێنانی جۆری نوێتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخوڵقێنن.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٤

---

سەرچاوە: "ڕۆژنامەی کوردستان" و "ماڵپەڕی کوردستان میدیا"

ڕێکەوتی: ٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = جوولای ٢٠٢٥ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ فواد خاکی بەیگی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

